# ئایا مالکی لە زەلکاوی عیراقدا بۆش رزگار دەکا.؟!

(سەبارەت بە ستراتیژە نوێیەکەی بۆش)

موزەفەر عەبدولا
mozafar_as@yahoo.com



ئەخیرەن بۆش و ئیدارەکەی دوای چەند مانگ و هەفتە لە ئامادەکردن و بلاوکردنەوەی راپۆرتەکەی بیکەر_هاملتن لە ووتاری ئاسایی چوارشەممانەی خۆی لە هەفتەی رابردوو ناوەرۆکی ستراتیژە نوێکەی راگەیاند.ئەم ستراتیژەش سەرەرای ناکۆکی بەرپرسانی حزبی دیموکرات و تەنانەت بەرپرسانی خودی حزبی جمهوریش بەلاّم بۆش بریاری بە کردەوە دەرهینانی ئەم ستراتیژەی داوە.

ئەوەی کە ناوەرۆکی ستراتیژەکەی بۆش چۆن و چەندە لە ژیر رۆشنایی و کاریگەری راپۆرتەکەی بیکەر_هاملتن دایە ئەوە پیٚموایە ئەم مەسەلەیە هیچ لەوە ناگۆری کە ئاکام و ئایندەی ستراتیژی گشتی و سەراسەری ئەمریکا لە عیراق و تەنانەت ناوچەکەو جهانیش سیناریۆیەکە رۆژ بە رۆژ رەشتر زیاتر شکست دینیٚ.

بەهەر حالٚ ، ئامانج و مەبەستی بۆش لە ناوەرۆکی ئەم ستراتیژە نوێیەی ئەوەیە کۆتایی بەم بارودۆخە نائەمنی و نالەبارە لە شەروکوشتاری تایەفی و خۆتەقاندوەو..هتد بینیٚ.بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانج و مەبەستەش ئەم ریگایانەی گرتۆتەبەر:

_ رەوانە کردنی 21.500.000 سەربازی تر بۆ عیراق .

_یەک ملیار دۆلار کۆمەک بە حکومەتی مالکی بۆ بنیاتنانەوەو بە کار کردنی بیکاران.

_ فشار هێنان بۆ سوریاو ئیران و کۆنترۆل کردنی بەرژەوەندییەکانیان و برینی دەستی دریژیان بۆ ناوخۆی عیراق، لە جیاتی کۆمەک کردن دەبێت ریگە بگرن لە دەستەو تاقمە تیرۆریستەکانی عیراق.

_ هاوکات چەک داماڵینی میلیشا چەک دارەکان .

لەم ریگایانەشدا ئەم هەنگاوە عەمەلیانەی ناوە:

– هیرش بردنە سەر نوسینگەی پەیوەندی یەکانی ئیران لە هەولیّر و دەست گیر کردنی 5 کەس لیّیان بەبی ئاگاداری بەرپرسانی دەسەلاّتدارانی عیراق و کودرستان.

– رەوانە کردنی تالەبانی بۆ سوریا بۆ گفتوگۆ کردن لەگەل سەرانی حکومەتی بەعس لەسەرویانەوە بەشار ئەسەد.

– هەلٚمەتی سەربازی سوپای ئەمریکا بە هاوکاری سوپای عیراق تەنانەت کۆمەکی هیّزی پیشمەرگەی یەکیتی و پارتی بۆ چەک داما لینی میلیشا چەکدارەکان بە تایبەتی میلیشای مهدی سەر بە سەدر.

–ناردنی رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە بۆ بە دوادا چون و زەمینە خۆش کردن و بە عەمەلی دەرهینانی ئەم ستراتیژە نوی یەو گفتو گۆ کردن لەگەلٚ لایەنە پەیوەندی دارەکان بەم ستراتیژەوە.

بەلاّم بۆش سەرەرای دانپیّانانی بە هەلٚەکانی لە ستراتیژی کۆنی لە عیراقدا هاوکات دانی بەوەش دا ناوە کە لە بارودۆخیکی نالەباردان و ئەمەشی بە بەرپرسیاریەتیکی شەخسی خۆی دانا.

بەلام سەیرەو سەمەرە ئەوەیە کە چارەنوسی سەرکەوتنی ئەم ستراتیژە نۆێیەی بە مالکی یەوە گریّداوە.بۆیە لە پەیامەکەی دا بۆ مالکی کە پاشان لە سەر زرای رایسشەوە راگەیەنرا، کە مالکی دەبیت پەیمان بدات تا 2 مانگی تر کۆتایی بەو بارودۆخە بینی کە لە عیراقدا دەگوزەریٚ و لەم 2 مانگەشدا ئەمریکا هەموو کۆمەکیّکی پیویست بە مالکی دەکات.ئەم پەیامەی بە چەورکردن بۆ مالکی رازاندەوە کە متمانەی ئەوەیان بە مالکی هەیە و شایستەی ئەوەیە.

ئیستا پرسیار ئەوەیە :لە سایەی ستراتیژی سیاسی دژی ئینسانی شەر و داگیرکاری ئەمریکا و جیگەو ریگەی حکومەتی ئیسلامی _ تایەفی و قومی کارتۆنی دانراو، و لایەنەکانی دەرگیر لە شەرو کوشتاری تایەفی ،و خۆ تەقاندەوە لە لایەن دەستەو تاقمە تیرۆریستەکانی ئیسلامی و بەعس ،و تەدەخولی وولاتانی ناوچەکە، بە تایبەتی ئیران و سوریا ، بونی فرقەی موتی سەربە دامو دەزگاکانی حکومەتی مالکی و ئاوارەی و بیکاری و چەندین کارەساتی تردا ،ئایا مالکی بۆش لە زەلکاوی عیراق رزگار دەکات....؟؟!!!

بە گویرەی پەیامەکەی بۆش بۆ مالکی، تەوەقعی لە مالکی هەیە، گەرچی حالٚی حارز مالکی خۆی لە بنی زەلکاوەکەیەو بۆشیش لە باری جوگرافیای یەوە چەند هەزار کیلۆمەتر دورە.

بەلاَم بۆش خەیالَی خاوە بەوەی کە ئەم ستراتیژە نوی یە ریگایەک بیت بۆ رزگاری,چونکە داگیر کاری و شەر تەنها دەتوانی ئەو ئاکامەی هەبیت کە ئیستا بەبەرچاوی هەموو لایەکەوە لە عیراقدا دەگوزەریَ.
لە راستیدا نە مالکی دەتوانی بۆش رزگار بکات نە بۆشیش مالکی.چونکە ئەم ستراتیژە نوی یەش ئالقەیەکی ترە لە ستراتیژی گشتی کە شەرو داگیر کاری و کوشت و کوشتارە.بۆیە ئاکامی عەمەلی ئەمەش هەر ئەوەیە کە ئەوە 4 سالَە دەگوزەری .یانی قولَتر بونەوەو بۆگەنتر بونی ئەو زەلکاوە.یانی زیاتر بوونی شەرو کوشتاری تایەفی و سەراسەری بونەوەی ئەم شەرە تا سەراسەری عیراق . یانی ،تەدەخولی زیاتری وولاتانی تر بە تایبەتی ئیران و سوریا و تەنانەت لە ئایندەدا تیوەگلانی خەلَکی کوردستان و بون بە شەری قومی ،کە ناردنی هیزی پیشمەرگە دەبیَت بە ئامرازیکی تری ئەم شەری قەومی یە.
بەلاَم ریگای رزگار بونی خەلَکی عیراق و کوردستان لەم هەموو کارەساتە زۆر جیاوازە لە ریَگای رزگار بونی مالکی و بۆش و لایەنەکانی دەرگیر لە خولقانی ئەم کارەساتە.
ریَگای رزگاری خەلَکی عیراق هەر ئەوەیە، سەرەرای ئەوەی کە رۆژ بە رۆژ سەختر دەبیَت لە سایەی قولبونەوەی زەلکاوەکە.یانی ریکخستنی خەلَکی عیراق لە فراوانترین ئاست دا لە سایەی ئاسۆیەکی سیاسی ئینسانی کە بتوانی کۆتایی بە داگیرکاری و شەری ئەمریکا بینی و هاوکات دەستی رەشی شەری تایەفی و قومی ببریَتەوە تا حکومەتیَکی نا دینی و نا قومی لە عیراقدا بنیاد بنیَت .وە ئەم ئاسۆیەش لەمرۆدا تەنها لە ئاسۆو ئەرکەکانی کۆنگرەی ئازادی عیراق بەجەستە دەبیَتەوە.بۆیە پیَویستە خەلکی عیراق لە دەوری ئەم گۆنگرەیە کۆببنەوەو بەهیَزی بکەن .
تا ئەو جیَگەیەش دەگەریَتەوەبە کوردستانەوە خەلکی کوردستان نابیت ریگا بدەن پارتی یەکیتی لە ژیر هیچ ناویکدا هیزی چەکدار رەوانەی بەغداو شارەکانی تری عیراق بکەن، چونکە ئەمە دەبیَتە ئامرازیکی تر بۆ زیاتر گەشە کردنی نەزعەو پیَک دادانی شەری قومی کە تارماییەکەی ئیستا زیاتر لە عیراقدا بە گشتی و لە کرکوک دا بە تایبەتی دەگوزەریَ.
بۆ تیوە نەگلانی خەلَکی کوردستان لەو بارودۆخە کارەساتبارەو رزگار بوونی یەکجاری پیویستە لە دەوری خواستی ریفراندۆم و سەربەخۆی کوردستان کۆبنەوە.

**سەرەتای جەنیوەری 2007**